سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێگری سەرۆک کۆماری عێراق دەکات

دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەدین بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ئەیاد عەلاوی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و شاندێکی ئیئتیلافی نیشتیمانیی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا باروودۆخی سیاسی و ئەمنی ناوچەکە و هەروەها شەڕی دژی تیرۆریستان و نیگەرانییەکان لەبارەی ئایندەی موسڵ و قۆناغی دوای داعش تاوتوێ کرا. هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر پرۆسەی سیاسیی و هاوکێشە جۆراوجۆرەکان و ئەو تەحەدی و بەربەستانەی لەبەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەن. هەر لەم دیدارەدا بیروڕا لەبارەی ڕیفراندۆم و داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئالوگۆڕ کرا.

پارێزگاری کەرکووک: کەرکووک پارێزراوە و ئەوەی لە مەندەلی رووبدا لە کەرکووک رووندات

پارێزگاری کەرکووک، نەجمەددین کەریم رایدەگەیەنێت ئامادەکاری بۆ پرۆسەی ڕیفراندۆم لە پارێزگای کەرکووک کراوە و دەڵێت، ئێمە هەنگاوێکی گەورە دەنێین، بەردەوام خەڵکی تێکدەر و ناحەزیش هەیە، بەڵام بەیەکگرتوویی میللەتەکەمان ئەو شتانە کارمان تێ ناکات.

پارێزگاری کەرکووک، نەجمەددین کەریم لە لێدوانێکدا لەبارەی مەترسی لە دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی مەندەلی کە ئەم هەفتەیە ژمارەیەک لە عەرەبەکانی ئەو شارۆچکەیەی سەر بە قەزای بەلەدروز بە پالپشتیی گرووپێک لە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی هەڵیانکوتایە سەر ئەنجوومەنی ناحییەکە و بەرپرسە کوردەکانییان بەزەبری چەک لەسەر کار لابرد، پارێزگاری کەرکووک نەجمەددین کەریم رایگەیاند: نەخێر ترس نییە لەوەی ئەو رووداوانەی لە مەندەلی رووبیانداً لە کەرکووک دووبارە ببێتەوە. لەبارەی مەترسی رووداننی رووداوگەلێک کە هەرەشە بۆ سەر پرسی ریفراندۆم لەو پارێزگایە دروست بکات کە بڕیاری لەسەر دراوە لە 25ی ئەیلوولی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، نەجمەددین کەریم ڕوونی کردەوە: ئەو شتانە دەبێت و دەبێت چاوەڕێ بکەین شتی وا ڕووبدات، چونکە ئێمە هەنگاوێکی گەورە دەنێین، هەروەها بەردەوام خەڵکی تێکدەر و خەڵکی ناحەز هەیە، بەڵام ئێمە ئەگەر میللەتەکەمان بەیەکەوە بێت و پشتی یەکتر بگرین ئەو شتانە کارمان تێناکات و سەرکەوتوو دەبێت.

نەجمەددین کەریم لە درێژەی قسەکانیدا گوتیشی: ئامادەکاریی کراوە و هەموو شتێک لەوبارەیەوە کراوە. دەربارەی ئەو قسانەی دەکرێت لەبارەی هەڕەشەکانی حەشدی شەعبییەوە، پارێزگاری کەرکووک، نەجمەددین کەریم گوتی: ئێمە پێشبینی ناکەین هەڕەشە هەبێت، چونکە کەرکووک لە هەموو مەترسییەک پارێزراوە، کەرکووک لە لایەن پێشمەرگە و ئاسایش و پۆلیسی کورد و عەرەب و تورکمانەوە دەپارێزرێت. لەبارەی بوودجەی ساڵی 2018ی عێراق و پشکی کەرکووک لەو بوودجەیەدا ناوبراو گوتی: "کەرکووک سێ ساڵ و نیوە بوودجەی بۆ نەهاتووە".

ئومێد خۆشناو: پەرلەمان بۆ یەک دانیشتن کارا ناکرێتەوە

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو لەبارەی کاراکردنەوەی پەرلەمان و میکانیزمە یاساییەکانی ئەو کارە لە لێدوانێکدا ڕایدەگەیەنێت کە یەکەم دانیشتن بە تەمەنترین پەرلەمانتار سەرۆکایەتی دەکات و گوتی: ئەوەی گرنگە ئەوەیە بڕیاردراوە بەڵێن بەدڵنیاییەوە پەرلەمان کارادەبێتەوە و کۆبوونەوەکانی ئەنجام دەدات، باشترین بژاردەش بە لای ئێمە ئەوەیە هەموو لایەنەکان پێکەوە بەو کاتە کەمەی لەبەردەمان ماوە بتوانین بگەینە ئەو سیغەیەی ڕێککەوتنێک بکەین و جارێکی تر پەرلەمانی کوردستان بە هەمان دەستەی پێشوو کارا بکرێتەوە، دواتریش هەر گۆڕانکارییەک بکەین بە ڕێگە ئوسوڵییەکەی خۆی بکەین، بەڵام ئەگەر لایەنەکانی دیکە بەتایبەت بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی نەیەنە پێشەوە و بەشێک نەبن لە پرۆسەی کاراکردنەوە، ئەوا ڕێگەیەکی یاسایی ئوسوڵی و یاسایی دەگیرێتە بەر لە ڕێگەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە ماددەی 22دا

ڕێگەی داوە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێژەی یەک لەسەر چواری ئەندامانی کۆبوونەوەیەک دەکەین و داوا دەکەین کە بەتەمەنترین ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەکە بکات و دیسان لە ڕێگەی پەیڕەوەوە سکرتێرێک هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی هاوکاری ئەو بەڕێزە ببێت و کۆبوونەوەکە بەڕێوەببات.

دەربارەی ئەوەی ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان چۆن دابەش دەکرێتەوە لەکاتێکدا ئەگەر ئەو دوو لایەنەی سەرەوە ئامادەیان بۆ کرا نەهاتنەوە و ئاماده نەبوون بەو شێوازە پەرلەمان کارا بکرێتەوە و تێبینییان هەبوو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو ڕوونی دەکاتەوە: بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان کۆمەڵێک بژاردە هەن، بەڵام هێشتا ڕێککەوتنی یەکلاییکەرەوە لەسەر ئەو بژاردانە نەکراوە، دەکرێت یەکێک لەو بژاردانە ئەوە بێت سەرۆکایەتی پەرلەمان لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دابەش بکرێت، یان پێکهاتەکانی دیکەی ئەم وڵاتە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەشداریان پێ بکرێت.

دەربارەی ئەوەی کە پەرلەمان بۆ تەنها یەک دانیشتن کارا دەکرێتەوە وەکو ئەوەی هەندێک لایەن باسی لێوەدەکەن کە گوایە ئەویش بۆ شەرعییەت دانە بە پرسی ڕیفراندۆم و ئەنجامدانی کە بڕیارە لە 25ی ئەم مانگە بەڕێوەبچێت، خۆشناو ڕایگەیاند: ئەوەی ئەنجامدەدرێت کۆبوونەوەیەکە بۆ تەفویزی ڕیفراندۆم کە تەخویلی کۆمیسیۆن بکەین بۆ ئەنجامدانی ڕاپرسی و پشتگیریکردنە لە ڕاپرسی و ئەو کارانەی لەماوەی ڕابردوو کراوە کە ئەمە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان دەبێت و دواتر کارەکان بەردەوام دەبن.

گوتیشی: نەخێر پەرلەمان بۆ یەک دانیشتن کارا ناکرێتەوە، پەرلەمان یەک دانیشتن دەکات وەکو دەستپێک کە پاش ماوەیەک لە داپڕان دێتەوە بە کارێکی گرنگ و بۆ پرسێکی گرنگ کە 100 ساڵە میللەتەکەمان چاوەڕوانی دەکات ئەویش پرۆسەی ریفراندۆمە، و دوای ئەوەش کۆبوونەوەکان بەردەوام دەبن بە ڕێگەی ئوسوڵی خۆی دەکەوێتە سەر سکەی خۆی.

سزای نوێی ئابووریی ئەنجوومەنی ئاسایش بەسەر کۆریای باکووردا

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پرۆژە بڕیارێکی پەسەند کرد کە داوای سەپاندنی تووندترین سزا دەکات تا ئێستا دراببێت بەسەر کۆریای باکووردا کە بەردەوامە لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی و تاقیکردنەوە مووشەکیە بالیستیەکانی. دوای ئەوەی کۆریای باکوور شەشەمین تاقیکردنەوەی ئەتۆمی ئەنجام دا کە لە 3ی ئەیلوولی 2006دەوە تا ئێستا بەهێزترینە، ئەمریکا پرۆژە بڕیارێکی گەلاڵە کرد و تیایدا داوای سەپاندنی سزای نوێی ئابووریی کرد بەسەر پیۆنگ یانگدا و لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیش خرایە دەنگدانەوە. پرۆژە بڕیارەکە بە دەنگی 15 وڵات پەسەندکرا، بەمەیش ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2006دەوە تا ئێستا 9مین بڕیاری بۆ سەپاندنی سزای ئابووریی و سەربازیی بەسەر کۆریای باکووردا پەسەندکردووە کە بەردەوامە لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

مەحەمەدی حاجی مەحمود: حەشدی شەعبی ناتوانن ڕێگری بکەن لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کەرکووک

مالیکی لە هێنانەوەی داعش بۆ سنوورەکانی عێراق بەشدارە

هەموو حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هێزی خۆیان لەگەڵ کورد تاقیکردۆتەوە و ڕووخاون

سەبارەت بە هەڵوێستەکانی ئەمریکاش، ئەو گوتی: ئەوەی هەیە تا ئێستا هەڵوێستی ئەمریکا وەک خۆیەتی و باس لەوە دەکات یەکێتی خاکی عێراقیان بەلاوە گرنگە، بەو پێیەی ڕەنگە پابەندبوونێکیان هەبێت لەگەڵ 22 دەوڵەتی عەرەبی و بەو هۆیەشەوە هەروا بڵێین، بەڵام پێویستە خۆمان بڕیاری خۆمان بدەین کە خۆشمان بڕیارماندا ئەوکات سەیری ئەنجامەکەی دەکەیت کە ئەوان چی بڵێین. لە دوای ڕێککەوتنامەی جەزائیر و نەمانی شۆڕشەوە، کە شۆڕشمان دەستپێکردەوە کەس پێی ڕازی نەبوو، دواتر ڕاپەڕینمان کرد و بەرەی کوردستانیمان دروستکرد و هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەتمان دامەزراند هەر کەس پێی ڕازی نەبوو، دواتر فیدراڵیمان لە پەرلەمانی عێراقی چەسپاند هەر کەس ڕازی نەبوو، بەڵام دەرەنجام هەمووشی کرا. ئەو ئاماژەی کرد بەوەی پەنابردنی کورد بۆ ریفراندۆم، بەهۆی پابەند نەبوونی بەغداوەیە بە جێبەجێکردنی دەستوور و پاشگەزبوونەوەیان لە بەڵێنەکانیان کە بە شێوەیەکی باش مامەڵەیان لەگەڵ کورد نەکرد.

محەمەد حاجی مەحمود کە لە شەڕی داعشدا لێپرسراوی میحوەری کەرکووکی هێزی پێشمەرگە بووە و بەشداری زۆربەی شەڕەکانی کردووە لە بارەی مەترسی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانی نێوان هەرێم و ناوەند و هەڕەشە و لێدوانی بەرپرسانی ئەو هێزانە دژ بە کورد و ئەنجامدانی ریفراندۆم دوا و گوتی: هەموو حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق هێزی خۆیان لەگەڵ کورد تاقی کردۆتەوە و ڕووخاون، با ئەوانیش تاقیکردنەوەی خۆیان بکەن، ئێمە بڕیاری خۆمان داوە لە ڕۆژی 25ی ئەم مانگە ریفراندۆم ئەنجام بدەین لە بەرامبەردا ئەوان هێز کۆدەکەنەوە بۆ شەڕی حەویجە، ئەوکات شەڕەکە بە هەفتەیەک و دوو هەفتە تەواو نابێت و لەو ڕێگەیەوە ناتوانن ڕێگری لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بگرن لە کەرکووک و خانەقین و مەخموور و زۆمار و ناوچەکانی تردا.

ئەو هەروەها گوتی: پێویستە کورد لەهەر کوێیەک بێت دەنگی خۆی بدات و لەو ناوچانەش سندوقی دەنگدان دادەنێین، حەشدی شەعبی لەو ناوچانەی دەستیان بڕوات بەو شێوەیە مامەڵە دەکەن کە ئێستا لە مەندەلی کردووینە و دەستیان بەسەر بەڕێوەبەری ناحیەکە و ئەنجوومەنەکەدا گرتووە، بەڵام ناوچەکانی تر هێزی پێشمەرگەی لێبە و حەشدی شەعبی ناتوانێت بەو شێوەیە مامەڵە بکات.

لە بارەی کۆبوونەوەکانی ئەم هەفتەیەی لایەنە سیاسییەکان و هەوڵەکانی کاراکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان و ئاسایی‌کردنەوەی دۆخە سیاسییەکە، سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان لە وڵامدا گوتی: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دوو هێزی خاوەن پێگە و جەماوەرن لە هەرێمی کوردستان و ئابووری هەرێم و پەیوەندییەکان و حکوومەت و هێزی چەکدار و هەموو شتەکانی تر بەدەست ئەوانەوەیە، ئەگەر ئەوان بیانەوێت هەر شتێک بکەن70 لەسەدی کێشەکان چارەسەر دەکرێن و ئەوەی تریشی دەتوانن لەگەڵ حزبەکانی تر ئەنجامی بدەن، ڕێککەوتنی ئەو دوو لایەنەش سوودی هەیە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان.

گوتیشی: ئەگەر ئەم دوو لایەنە بیانەوێت دەتوانن بە بێ حزبەکانی تر حکوومەت و پەرلەمان پێکبهێننەوە و حوکمڕانی هەرێم بکەن و کردووشیانە، وەک کۆبوونەوەی ڕابردووی هەردوولا لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان کە ڕۆژەکەشیان دیاری کردووە.

محەمەد حاجی مەحمود ئاماژەی بەوەش کرد، ڕێککەوتنی نێوان هەردوولا لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانە بە هاوبەشی لە سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی، وەزیر و جێگرەکانیان بۆ ئەوەش بڕی دەنگی پێویستیان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان.

مالیکی هاوشێوەی ڕادەستکردنی موسڵ بەر لەسەر سێ ساڵی ڕابردووەوا لە هێنانەوەی داعش بۆ سنوورەکانی عێراق دووبارە تۆمەتبار دەکرێتەوە. چاودێرانیش پێیان وایە نێران و مالیکی و پەکەکە ئاگەداری ڕێککەوتنی حزبوڵا و داعش بوون. هۆزە عەرەبەکانی موسڵیش بەو هۆیەوە داوای دادگایی مالیکی دەکەن.

سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکان باس لەوە دەکەن، کە حەسەن نەسرواڵ، ئەمینداری حزبوڵای لوبنان، بە نزیکەکانی خۆی گوتووە، مالیکی ئەوی لە پرۆسەی گواستنەوەی تیرۆریستانی داعش بۆ نزیک لە سنوورەکانی عێراق دەستخەڕۆ کردووە و پێیانی گوتووە لەگەڵ عێراق کێشەی نابێت، نەسرواڵش پێی وابووە، کە دەسەلاتدارانی عێراق بەم کارە ئاگەدارن، بەو پێیەی مالیکی، جێگری سەرۆک کۆماری عێراقە، بەڵام دواتر دەرکەوتووە، کە مالیکی، بەبێ گەڕانەوە بۆ حکوومەتی عێراق، تاکلایەنە ڕەفتاری کردووە.

سەرچاوەکانی زانیاری باس لەوەش دەکەن، کە ئامانجی مالیکی لەم کارەیدا، تێکدانی ڕەوشی عێراق و هاتنەوەی داعش بووە، تا یەکەمیان کۆتاییهێنان بە داعش لە عێراقدا نەبێت بە دەستکەوت بۆ حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیران، کە بەنیازە بۆ هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق لە ساڵی داهاتوودا خۆی کاندید بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە ڕاپۆرتێت کە لە سەردەمی ئەودا داعش لە عێراق گەشەی کردووە و سێ پارێزگای گرنگی کەوتووەتە دەست. لەو ڕێگەیەوە ویستوویەتی دۆخی عێراق هەر بەخراپی بمێنێتەوە و بشڵێت ئەوان هۆکاری کەوتنی مووسڵ نەبوون و دەستی ئیقلیمی و جیهانیی لەو بابەتەدا هەیە کە دەیەوێ داعش لە عێراق بمێنێتەوە.